# کورد و پیلانەکەی جێمس بێکەر

**حەکیم کاکەوەیس**
kakaways@hotmail.com

ئەوەی کە ئێستا بەرانبەر کورد دەکرێ، دووبارەکردنەوەی ئەو پیلانەیە کە هینری کیسنجەر لە ساڵی 1975دا بە کوردی کرد. زندووکردنەوەی پەیمانی بەغدایە و ئەم جارەیان ئەمەریکا ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ. لۆزانە و دیسان تورک ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێ. ئەم پرۆژەیەی بێکەر، لە سەردەمێکدا لە دایک دەبێ، ئەمەریکا لە لووتکەی دەسەڵاتیدایە. ئەمەی ئێستا دەکرێ، بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بە ئاشکرا، سەربرینی کوردە و کوردی گوڵبەدەستیش بێ ئیرادە و بە سەبرەوە، لە بەردەستی قەسابی خۆیدا کەوتووە. ئەم پیلانە، گۆڕینی ڕێڕەوی ئەمەریکایە تەنانەت بەرانبەر ئیسرائیلی جگەرگۆشەی خۆشی.

لە کۆڕەوەکەی ساڵی 1991دا، جێمس بێکەری وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمەریکا، چووە سەردانی ئەو کوردە لێقەوماوانەی کە کەوتبوونە بەر بەزەیی گورگە بۆرەکانی تورکیا و هەر لەوێوە پەیوەندی بە بووشە پیری سەرۆکی ئەمەریکاوە کرد و پێی گوت: "ئەگەر زوو فریا نەکەوین، مەسەلەکە، لە تراژیدیایەکی مرۆییەوە دەگۆڕێ و دەبێتە تراژیدیایەکی سیاسی". بۆ ئەوەی ئەوەش ڕوو نەدا، ئەمەریکا خەتی 36ی بۆ پاراستنی کورد دانا، ئەوجا سەرانی کورد بەرەو بەغدا هڕیان کرد و بۆ ماچکردنی سەددام ڕیزیان بەست.

ئێستاش بێکەری خانەنشین پیلانی هەمان ئەو تاوانەی داڕشتووە کە کیسنجەری هاوپیشەی بە سەر کورددیدا هێنا و هەرەسی بە مەزنترین شۆڕشی کورد هێنا و کوردی بە دەست و پێی بەستراوەوە خستە بەر دەستی قەسابەکانی بەعسەوە. پیلانەکەی بێکەر کە لە دژی کورد داڕێژراوە، بێ ویژدانی و نامەردییە بەرانبەر مرۆڤایەتی، بەڵام ئاخۆ ویژدان و مەردایەتی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەن؟ ئەگەر هەبن، هەر لای سەرانی کورد هەن، ئەوەش بەرانبەر دوژمنان و نەیارانی نەتەوەکەی خۆیان و بەس. کورد کە لە ساڵی 1961ەوە شۆڕشگێڕ بووە و بەرانبەر بە حکوومەتەکانی بەغدا لە شەڕدا بووە، ئەوەندەی یەک مانگی عارەبە سوننە بەعسییەکان زەرەری بە دارایی و ئاسایشی عیراق نەگەیاندووە بۆیە جێی کورد لە ناو هاوکێشە سیاسییەکاندا هەر بە قەدەر ئەو زەرەرەیە کە توانیویەتی بە دوژمنی خۆی بگەیەنێ. کورد نە توانیویەتی کاریگەری لە سەر نرخی دراو و نەوت هەبێ نە بەرزی و نزمی بە نرخی پشک (سهم)ی کۆمپانیاکان کردووە، ئیدی بوونی کرد بۆ کۆمپانیاکان و ئاسایشی داگیرکەران و دەوڵەتان چی بووە تا لە ڕاپۆرتەکەی بێکەر یا هەر ڕاپۆرتێکی تردا حسێبی بۆ بکرێ؟ ئەوەی ئێستا ڕوو دەدا، ڕوونەدانی جێی سەرسوڕمانە، نەک ڕوودانی. کەواتە، بۆ جێمس بێکەر نامەردییەکەی کیسنجەر بەرانبەر بە کورد دووپات نەکاتەوە؟. دوای کارەساتی 1975 کورد چی کرد تا دوای ساڵی 2006 و 2007 دووپاتی بکاتەوە و ئەوان سڵی لێ بکەنەوە وحسێبێکی بۆ بکەن؟

پرسیارێکیش لە دەروونمدا سەرەتاتکێیەتی: ئایە بە ڕاستی پیلانەکەی بێکەر و هاملتن گەمەیەکی چاوەڕواننەکراو بوو؟ جگە لەوەش، ئایە کورد خۆی لە داڕشتن و جێبەجێکردنیدا هاوبەش نەبووە و نییە؟

ئەگەر سەرانی کورد دەوروبەری خۆیان لە کوردی ڕابردوو خاوێن و دڵسۆزی کورد و کوردستان بئاخنیبا و کۆنە خائینەکان ڕۆڵیان نەبوایە و گرنگترین ململانێ لە کۆشک و تەلاری دزێتیدا ڕەنگی نەدابایەوە، کەس جورئەتی نەدەکرد پیلانی ئاوها بە سەر میللەتێکی پەنجا ملیۆنیدا تێپەڕێنێ. بەڵام ئەوەی هەیە، هەر هی ئەوەیە ئەوەی لەگەڵدا بکرێ کە دەکرێ!

من لەو باوەڕەدام تەنها سیاسەتمەدارەکان لەم کارەساتەدا تاوانبار نین کە وا لە دەرگای کورد دەدا. ڕووناکبیران و هونەرمەندان و ڕێکخراوە پیشەییەکانیش، پێی بزانن یا نەزانن، ڕۆڵی ئەوەیان گێڕاوە خۆڵ لە چاوی ئەو میللەتە کلۆڵە بکەن و لێی نەگەڕێن درک بە مەترسییەکان بکا. میللەتێک لە بەردەم مەترسیدا بێ، کەی هی ئەوەیە باسی یەکسانی ژن و پیاو و ململانێی پیاوسلاری و باوکسالاری و دەهۆڵلێدان بۆ ئازادی سێکس و ملشکاندنی ژنە بێ نەواکانی کوردی تێدا بکرێتە سەرەباس و هەموو ئەو پیلان و هەڕەشانە فەرامۆش بکرێن کە بۆ خاکەکەمان و نەتەوەکەمان دەچندرێن و دەکرێن. تەنانەت بەختیار عەلی و شێرکی بێکەس و شێرزاد حەسەن و زۆری تر، جگە لەو کادیرە حیزبییانەی کە باسی گۆڕینی ئاڵای کوردستان و سروودی نیشتمانییان کردە باس، کە هەر یەکەیان لە لایەکەوە خۆڵ بە با دەکا، خزمەتێکی زۆریان بە پرۆژەکەی بێکەر کردووە و تەنانەت مامانی ئەو پیلانەشن. ئاخر تۆ کە بە دەستبەستراوی لە بەر دەستی قەسابدای، کەی کاتی ئەوەت هەیە باسی فەلسەفە و گۆڕینی سروودی نیشتمانی و ئاڵای کوردستان و ئازادی سێکس بکەی و چۆن ڕێ بە خۆت دەدەی دژی باوک و باوکایەتی بنووسی و چۆن حەوسەڵەی ئەوەت هەیە سەر و فەساڵت بۆیاغ بکەی؟ حیزبە ئیسلامییەکانیش کە دژی ئەو بابەتانەن، فزەیان لە خۆیان بڕیوە چونکە لای عیراقییان دەهێشێ و دەسەڵاتی بەعسیان پێ چاکترە لە دەسەڵاتی نەتەوەیی... تۆ کە نینۆکت نییە خۆتی پێ بخورێنی و نەتوانی مافی خۆت بە دەست بێنێ، چت لە مافی تورکمان و دیان داوە تا پشکیان بخەیتە ئاڵا و سروودەوە؟ بزانە ئەوەی ئەو ڕۆڵەی نەبێ، چۆن بەربەست خراوەتە پێشی و لێیناگەڕێن دەنگی دەرچێ! دەرگای دەزگا ڕاگەیاندنە حیزبییە چەواشەکارەکان بۆ هەموو باسێکی تووڕەهات والایە بەڵام ئەوەی باسی جددی و کوردایەتی بکا، هەموو دەرگایەکی لە ڕوودا داخراوە. زەقترین نموونە، کەڵە شاعیری کورد، عەبدوڵا پەشێوە کە بوارێکی ئەوتۆی لەو دەزگایانەوە پێ نەدرا و نادرێ تا کورد بە هۆش بێنێتەوە. ئەگەر ئەویش باسی دڵداری و هەڕاجکردنی شەرەفی کوردی کردبا، یا باسی لاوەکی کردبایەتە سەرەباس، هەموو دەرگاکانی بۆ دەکەوتنە سەر پشت. من کە نووسینم نییە تیایدا باسی چارەڕەشی نەتەوەکەم نەکەم، تەنانەت بواری ژیانیشم لە کوردستاندا پێ نادرێ!

لەو باوەڕەدام سەرانی کورد، نەک هەر ئاگایان لە پیلانە شەیتانییەکەی بێکەر بووە، بەڵکو بەخۆیان دەستیان تێدا هەیە. چما هۆشیار زێبار لە ئەردەن ئاگادار نەکرایەوە؟ ئەدی مام جەلال و بەرهەم سالح ڕایان وا نەبوو کە پرۆژەیەکی گونجاوە؟ تۆ بڵێی هۆشیار زێباری سەرکردایەتی پارتی ئاگادار نەکردبێتەوە! هۆشیار زێباری لەو پۆستە عارەبییەی خۆیدا بۆ کورد چ کارەیە؟!

لەو باوەڕەدام ئەو پیلانەی بێکەر، ئەگەر هیچی جێبەجێ نەکرێ، ئەو بەشەی جێبەجێ دەکرێ کە پەیوەندی بە کوردی جلخوار و تووکنەرمەوە هەیە. بەوەش، ئەگەرچی چارەنووسی کورد بە قوڕدا دەبرێ، چارەنووسی کۆشک و تەلارەکانی خۆشیان، هەمان چارەنووسی کۆشک و تەلارەکانی سەددام و عیززەت دووریان دەبێ و ئەو دەستە تاڵانچییە ئاودیوکەرانەی کە بە دەستی خۆیان پێکیان هێنان و پەروەردەیان کردن، بەر لە هەموو کەس خۆیان تالان دەکەن. عارەبە شیعەکانیش، دوای ئەوەی پتر لە هەزار ساڵی کۆیلایەتی و ژێردەستەییان قووت دایەوە و بەرگەیان گرت، هێندەی کورد یا شتێک کەمتر ئامادەی سەرشۆڕین و سوننەی عیراقیش چۆن هەمیشە دەسەڵاتدار بوون، دەیانەوێ تاکە سواری بواری دەسەڵات بن و بێکەریش دەزانێ هەر قابیلی خۆیانە!

ئەگەر تۆزقاڵێک هیوامان مابێ هەر ئەویە سیاسەتمەدارانی کورد هەر ئێستا لە بەغدا بکشێنەوە و بێنەوە کاولەکەی خۆیان و ناو جەماوەری کوردستان و دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە ڕۆڵی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان ببینن. ئەوەش ناکرێ ئەگەر ڕیزەکانی خۆیان پاک نەکەنەوە. ئەگەر سیاسەتمەدارانی کورد وا بکەن چ دەقەومێ؟ تورکیا قووتمان دەدا؟! ئەوجا چییە! لە دەمی سەگەوە دەکەوینە دەمی گورگ و نە قازانجمانە نە زەرەر. بوار بە هێزی دەرەکی دەدرێ دەست بخاتە کاروباری کوردستانەوە؟ چما کوردستان گۆڕەپانێکی والا نییە بۆ هێز و دەزگا جاسووسییە دەرەکییەکان؟ ئەوا چەندین ساڵە بازرگانی لەگەڵ تورکیادا دەکرێ، چی لە هەڵوێستی تورک گۆڕا؟ زۆربەی کاری بیناسازی و ڕێوبان، تورکەکان ئەنجامی دەدەن و هیچ نەگۆڕا! ڕیکلام بۆ ئاوی (هەیات)ی تورک دەکەین و لە (ڕوبع ئەلخالی) خۆمان ئاو براوە و هیچ نەگۆڕا!

ئێمەی کورد قوڕ بۆ چارەنووسی عیراقی فیدرال دەپێوین و عیراقیش هەر لە لای سەرانی کورد فدرالییە و تەنانەت ئەو سەکۆیەی کە سەرۆکی عیراق، جەلال تاڵەبانی قسەی لێوە دەکا، لێی نووسراوە (جمهوریه العراق) و فدرالی لە کوولەکەی تەڕیشدا باسی نییە. (جمهوریه العراق)یش وەک ئالای بەعس لە داهێنانی سەددامە و پێشتر (الجمهوریه العراقیه) بوو. تۆ وەرە نەک نەتەوەکەت، بەڵکو خۆشت بخەڵەتێنیت کە گوایە عیراق دەوڵەتێکی فدرالییە! ئەو هەوڵەی کە بۆ عیراق و ئاشتەوایی سوننە و شیعە دەدرێ بۆ کەرکووک بوایە، ئێستا باری ئەو شارە بە لایەکی تردا کەوتبوو و ئاوارەکان لەو عارەبانە پتر خزمەت دەکران کە ڕوو لە کوردستان دەکەن و لە ئەنجامدا دەبنە بنکەیەکی پتەو بۆ گێڕانەوەی کوردستان بۆ ژێر ڕکێفی عارەبی عیراق. تۆ بڵێی لە لێقەوماندا ئاوارەکانی کەرکووک پشتی سەرانی کورد بەردەن و عارەبی تەعریبی کەرکووک و ئەوانەی ڕوویان لە سلێمانی و هەولێر کردووە پشتیان بگرن!

بەرەی تورکمانی، کەمینەیەکی تورکمانی کەمینەن، بەڵام بێکەر گوێی لێ گرتن و بە گوێی کردن. کورد کە سەربازە ئەمەریکاییەکانیان گوڵباران دەکرد، ئەمەریکا مافەکانی پێشێل دەکا. ڕاستە کورد لە ئاستێکدا نییە وەک عارەبی سوننە بەربێتە گیانیان، بەڵام دەتوانێ ئاژاوەی عیراق خۆشتر بکا، یا هیچ نەبێ نەبێتە دەلاڵ بۆ ئاشتکردنەوەیان و لێگەڕێ شەیتان ڕۆڵ ببینێ. عیراق، وڵاتێک نییە خۆبەخۆ بە ڕێوە بچێ و بە بێ دکتاتۆرێکی زۆردار کەس لە کەس نەکەوێ

ڕۆشنبیرانی سەر بە حیزبەکان، خەریکن بەرمات بۆ تێپەڕاندنی پیلانەکەی بێکەر – هاملتن خۆش دەکەن. وەک هەموو جارێک کە دەکەونە کێشەیەکی گەورەوە، جیۆپۆلیتیکی کوردستانیان بیر دەکەوێتەوە، کە کورد دەورەی گیراوە و پێناسەی سیاسەتیش وا دەکەن کە هونەری مومکینەکانە. جگە لەوەش، (واقیعبینی) برەو پەیدا دەکاتەوە تا بەو سێ دەستەواژەیە ئەو پیلانە و هەر پیلانێکی تر کە دێتە پێشێ، بە سەلامەتی بە سەر کورددا تێیپەڕێنن. کەس نازانێ بۆچی لە کاتی شەڕی ناوخۆ و هەڵبژاردن و بەرپاکردنی شۆڕشدا باسی جیۆپۆلیتیکی خراپی کوردستان و هونەری مومکین و واقیعبینی نەدەکرا! لە ڕاستیدا، بۆ هەر کەسێ سیاسەت هونەری مومکینەکان بێ، بۆ کورد خولقاندنی مومکینە لە نامومکین. نووسینی کادرێکی باڵام لە ڕادیۆیەکەوە گوێ لێ بوو کە دەڵێ: "جیۆپۆلیتیکی کوردستان خراپە و ئەمە ئەلفوبێی سیاسەتە!" نازانم بۆچی ئەم کادیرە هەتا سیاسەتی خەتم نەکرد و چارەنووسی کورد بە قوڕ نەگیرا، ئەلفوبێی سیاسەتی بیر نەکەوتەوە و واقیعبینیش نەبوو؟! ئەلفوبێ لە سەرەتاوە دەبێ نەک دوای خەتمکردنی سیاسەت و بە قوڕگرتنی چارەنووسی کورد! تۆ قوڕت پێوەدا ئەوجا باسی ئەلفوبێ دەکەی؟!

هەموو کورد، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا و لە هەندەرانیشدا، دەبێ لەگەڵ کاک مەسعووددا پێشنیارەکانی بێکەر ڕەت بکەنەوە و لە هەمان کاتدا کاک مەسعوودیش دەبێ بە خۆیدا بچێتەوە و بگەڕێتەوە ئامێزی گەرمی نەتەوەکەی خۆی و دەسبەرداری ئەو جانەوەرانە بێ کە بە ئاشکرا دەستی

کورد دەبڕن و ئەو قسانەی خۆشی بگەیەنێتە سەر کە لە بارەی پیلانەکەی بێکەر و کەرکووکەوە کردی. کاتێ پشتی سەرکردەکانی کوردستان دەگرم هەڵوێستیان هەبێ. هەڵوێستیش بە ڕیزی پڕ لە خۆفرۆشان لە بەرژەوەندی کورددا نابێ.

هیوادارم سەرانی کورد، بەر لەوەی بووشی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا لە کونە جرجەکەی سەددامەوە، بە ترسنۆکی بێتە دەرێ، بگەڕێنەوە ئامێزی نەتەوە و وڵاتی خۆیان و پشت بە کورد، لە هەموو پارچەکانی کوردستان و هەندەران ببەستن و لەگەڵ دەربڕینی هەڵوێستی پێویستدا، هانایان بۆ بەرن. ئەگەر عارەبە شیعەکان ئێرانیان هەیە و سوننەکان دەوڵەتە عارەبییەکانیان هەیە و تورکمان تورکیایان هەیە، کوردیش ڕۆڵەکانی خۆی لە وڵات و لە هەندەران هەیە... هەر کورد پشتوپەنای سەرکردەی دڵسۆزە و کەسی تر نا! دڵنیام ئەگەر هەڵوێستی سەرانی کورد بە گوێرەی دڵی نەتەوەکەیان بێ، نەتەوەکەشیان دنیایان بۆ ژێر و ژوور دەکا، دەنا ئەگەر گورگیش بیانخوات کەس ئۆفیان بۆ ناکات و هەر دەڵێن: ئاوەڵئاو!